# ڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٨٣) یەکشەممە ٢٠٠٧/٦/١٧


## لە عێراق دادوەر و ڕۆژنامەوانان دەکوژرێن

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە راپۆرتێکی خۆی دا رایگەیاندووە کە لە عێراق دادوەران دەکوژرێن و هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە، لەماوەی سی مانگی رابردوودا زیاتر لە ٢٤ دادوەر کوژراون، وەزارەتی بەرگری لە ژێر ناوی پێوانەی ئاسایش و هێمانەیەتی لە عێراق راپۆرتێکی بۆ کۆنگرێسی وڵاتەکەی بەرزکردۆتەوەو ئاماژە بە کوشتنی ٢٤ دادوەردراوە. لەلایەکی دیکەشوە سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردووە کە تا ئێستا زیاتر لە ٢٤٤ ڕۆژنامەوان لە عێراق کوژراون، ئەمە جگە لەو ڕۆژنامەوانانەی کە بەردەوام هەڕەشەی مەرگیان لێدەکرێ. رێکخراوی ڕۆژنامەوانانی بێ سنوور لەراپۆرتی ساڵانەی خۆیدا باسی لە رەوشی خراپی ڕۆژنامەوانانی عێراق کردووە، چونکە بەردەوام دەکوژرێن، دەرفێندرێن و ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن، بەوهۆیەوە دەکرێ بڵێین کە عێراق نائارامترین شوێنە بۆ دادوەرو بۆ ڕۆژنامەوانانی ناوخۆو بیانی، ئەوانەی جگە لە وشە چەکیکی دیکە شک نابەن ...


ل ٣ عەرەبەکانی کەرکوک هەڕەشەی رفاندنی کورد دەکەن!

ل ٤ با هەموومان بەراوردەکەی خالید رەزا بخوێنینەوە!

ل ٥ تاقە رێگەچارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ل ٦ ئامۆژگاری بۆ ژنانی باردار

ل ٧ وانەکانی ڤێتنام


# مالکی بۆ ئەوەی دەستەڵاتی لێنەسەندرێتەوە بەرەو لای کورد دەگەڕێتەوە

**سەرچاوەکان** ئاشکرایان کرد کە سەرۆکوەزیرانی عێراق لە تەنگژەیەکی قوڵدایە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەڤی گۆڕینی لێکردووەو مۆڵەتی یەک مانگی پێداوە، لێی خواستووە کە پرۆسەی ئاشتەوایی لەگەڵ سەرجەم گروپە نەیارەکانی بە ئاکام بگەیەنێ. لەلایەکی دیکەشەوە مالکی هەستی بە بزاڤی ئەیاد عەلاوی کردووە کە بە پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی و تورکیاو ئەمریکا هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی گشتگیر دەدات و ئامانجیش رووخاندنی مالکییە. لەم پێوەندیەدا سەرچاوەکی نزیک لە مالکی ئاشکرای کردووە کە ئێستا ناوبراو لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر ئامادەیی جێبەجێکردنی داخوازیەکانی کوردی هەیە، ئامادەشە ماددەی ١٤٠ جێبەجی بکات و کەرکوکیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، بەمەرجێ کورد پشتیوانی لێبکەن و لە دەستەڵات بێ هێڵێننەوە.

لەم پێوەندیەدا رۆژی ١٥ی حوزەیران رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا بە سەردانێکی کتوپڕدا گەیشتە بەغداد، چاودێران دەڵێن پەیامێکی خێرای بۆ سەرکردەکانی عێراق پێبووەو پێیڕاگەیاندوون کە دەبێ بە زووترین کات کۆنگرەی ئاشتەوایی بەڕێوەبچێ و تەواوی گروپەکانیش بە کۆنە بەعسیەکانیشەوە بەشداری تێدا بکەن، دەنا بیرۆکەی گۆڕینی کابینەی ئێستا لە رۆژەڤ دا جێ دەگرێ.

چاودێران دەڵێن مالکی دەیەوێ پشتیوانی کورد بەدەست بێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش موەفەق روبەیعی بە سەرۆکی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کەرکوک دادەمەزرێنی، ئەمەش تورکیای نیگەران کردووە، ئەردۆگان بانگهێشتی مالکی کردووە تا بە زوترین کات سەردانی ئەنکارا بکات، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە مالکی لە دەستەڵات نامێنێتەوە.



## دۆسیەی ئێران ناکۆکی لەنێوان ئەمریکیەکان دروست دەکات

**رۆژنامەی** نیۆیۆرک تایمز دوێنێ شەممە لەسەر ماڵپەڕی ئینتەرنێتی خۆیدا باسی لە ناکۆکی نێوان دیک چینی جێگری سەرۆک و کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی ئێران کردبوو.

بەگوێرەی رۆژنامەکە رایس پێداگری لەسەر رێگە چارەی دیبلۆماسی دەکات و پێیوایە کە گورزی سەربازی کێشەکانی ئەمریکا قوڵتر دەکاتەوە، بەڵام دیک چینی کە کۆمپانیایێکی گەورەی نەوتی هەیە گورزی سەربازی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران پێشنیار دەکات، بەوهۆیەوە ناکۆکی لەنێوان کۆشکی سپی دا سەبارەت بە دۆسیەی ئێران دروست بووە.

رۆژنامەکە لە زاری گەورە بەرپرسێک کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، نووسیویەتی کە هاوکارانی دیک چینی کە سەربە اپارێزگارانن، باوەڕیان بە رێگە چارەی توندو سیاسەتێکی شێلگیرانە هەیە، بە دوای رەخساندنی زەمینەی لێدانی گورزی سەربازیدا دەگەڕێن، هەرچی رایس و هاوکارەکانیشی چڕ کردنەوەی هەوڵە دیبلۆماسیەکان بە ئەگەری لە پێشینەو رێگە چارەی گونجاو دادەنێن، پشتیوانی لە هەوڵە دیبلۆماسیەکانی وڵاتەکانی ئەوروپا بۆ کۆتایی هێنان بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران دەکەن، لەو باوەڕەش دان کە ئەمە تاکە چارەسەری بەردەم سەرۆکی ئەمریکا دەبێ و پێویستە راشکاوانە بیری لێبکرێتەوە.

رایس هاوهەنگی نێوان ئەمریکاو ئەوروپاو چین بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکە بە گرنگ دادەنێ، بەڵام چینی رێگەی سەربازی پەسند دەکا.

## ڕۆژەڤ

جارێکی دیکەش دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەنگدانی لەسەر پڕۆژەی دەستووری پێشنیارکراوی هەرێمی بۆ کاتێکی نادیار دواخستووە. هەرچەندە ئەمە کاری پەرلەمانە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ لە داخوازی و بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەربچێ و سەربەخۆیانە بڕیار بدات.

چەند مانگ لەمەوبەر پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندبوو کە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی تەواو کردووە، بەوهۆیەوە داوای لە رێکخراوە سیاسی و جڤاکی و رۆشنبیریەکانی کوردستان کردبوو کە رامان و سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان بۆ لیژنەی دەستووری پەرلەمان رەوانە بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەک رامان و سەرنج و راسپاردە بۆ لیژنەکە رەوانە کرابوون، بڕیاریش وابوو لە کۆتایی مانگی نیساندا کاتی بەڕێوەبردنی دەنگدان لەسەر پڕۆژەی دەستوورەکە رابگەیەندرێ، ئێستا کە بەرەو مانگی تەمووز دەچین و کاتی دەنگدان دیاری نەکراوە، دەبێ بپرسین ئاخۆ کەی ئەم پڕۆژەیە یەکلایی دەکرێتەوەو لە چاوەڕوانی چی دا راگیراوە؟!

کێشەو قەیرانەکانی نێو پەرلەمانی عێراق و کۆششی ئەمریکا بۆ هەموارکردنی دەستووری عێراق و هەڕەشەکانی تورکیا هۆکاری دواخستنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانن، چونکە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە داهاتوو دڵنیا نیەو نازانێ گۆڕانکاری و هەموارکردنی دەستووری عێراق بەرەو چ ئاقاریک دەڕوات، دەیانەوێ دوای یەکلایی بوونەوەی دەستووری عێراق ئەوسا لە ژێر رۆشنایی ئەودا پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەستکاری تێدابکرێ و بە هاوسەنگی لەگەڵ ئەودا رێکبخرێتەوە.

دواخستنی دیاریکردنی کاتی دەنگدان لە سەر دەستووری پێشنیار کراو زیانی گەورە بە کوردستانیان دەگەیەنێ، ترس لەوە دایە نەوەک جارێکی دیکەش لەسەر خواستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا دەستکاری بنەڕەتی لە پڕۆژەی دەستوورەکەدا بکرێ.. بەڵام دەبێ هەموو لایەک باش بزانن کە ئێستا رەوشی عێراق و هەرێمەکە زۆر لەبارە بۆ ئەوەی دەستووری هەرێم تێپەڕ بکرێ. ئێستا هێزە عەرەبیەکانی عێراق لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن، هەردوو لایەنی سوننەو شیعە بەبێ کورد ناتوانن خواست و داواکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەگەری سازانی هەردوو لایەنی سوننەو شیعەیش دوورتر دەکەوێتەوە، ئێستا مالکی بۆ ئەوەی لە سەر کورسی دەستەڵاتدا بمێنێتەوە ئامادەیی هەموو شان نزمییەکی بۆ کورد تێدا دەبێ و ناچاریش دەبێ کە ماددەی ١٤٠ لە کاتی خۆیدا و لەبەرژەوەندی کێشەکەدا یەکلایی بکاتەوە، بە هەمان شێوەش سوننەکان شان نزمی زیاتریان تێدا دەردەکەوێ بۆ ئەوەی خواستەکانی خۆیان لە بەغداد مسۆگەر بکەن، کەواتە دەرفەتێکی زێڕین بۆ کوردستانیان رەخساوە، ئەوان دەیانەوێ لە بەغداد هاوکار و پشتیوانیان بین، ئێمەش لە جێگیرکردنی دەستووری هەرێم و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ پێویستمان بە هاوپەیمانە، با دوای نەخەین و هەنگاوی بۆ هەڵبگرینەوە.

## تورکیا: لەسەر کوردی نووسین لە سەرۆکی شارەوانی لادەدرێ

**هەواڵەکان** : دادگەی باڵای تورکیا لەسەر داخوازینامەی وەزارەتی کاروباری ناوخۆ سەرۆکی شارەوانی شاری سورێ لەکارەکەی دەرکرد.

دوای ئەوەی عەبدوڵلا دەمیرباش سەرۆکی شارەوانی سورێ کە لە دیاربەرکر بە چالاکڤانی بواری زمانی کوردی ناسراوە، لەلایەن وەزارەتی کاروباری ناوخۆی تورکیاوە بەوە تۆمەتبار کرا کە لەنێو سنووری تورکیادا هەوڵی دوو زمانی دەدات و ئەمەش لەگەڵ دەستووری تورکیا ناکۆکە، رووبەڕووی دادگە کرایەوە. دادگەی باڵای دەوڵەتی تورکیا ناوبراوی لە کارەکەی دەرکرد و ئەنجوومەنی شارەوانی شارەکەشی هەڵوەشاندەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە بەڕێوەبەریتی بازنەی هەشت لە دژی چالاکیەکانی عەبدوڵلا دەمیر باشی سەرۆکی شارەوانی سورێ پەنای بۆ دادگەی باڵا بردبوو، بەوە تۆمەتباری کردبوو کە بە کوردی نووسیویەتی، هەوڵی جێگیرکردنی زمانێکی دیکە لەنێو چوارچێوەی تورکیا دەدات، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە و دەبێ سزا بدرێ، دادگەی باڵای تورکیاش کە دادگەیەکی رەگەزپەرستە، لەسەر داخوازینامەی وەزارەتی کاروباری ناوخۆ دانیشتنی پێکهێنا و بڕیاری لادانی دەمیرباشی و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی شارەکەی دا، ئەم بڕیارەی دادگەی باڵا لەگەڵ بنەماکانی یاسای ئەوروپا ناکۆکە، لەوانەیە لەلایەن دادگەی ئەوروپادا هەڵبوەشێندرێتەوە.

## ئەمریکا: پۆشینی شەلواری شل و تەنک قەدەغە دەکرێ



شارەوانی شاری دلکامبەری ویلایەتی لۆپیزپانای ئەمریکا بڕیاری داوە کە پۆشینی شەلواری شل و تەنک، ئەوانەی لە کەمەر دێنە خوارەوە، قەدەغە رابگەیەنێ.

بەگوێرەی هەواڵەکان سەرۆکی شارەوانی دلکامبەر دەڵێ: ئەم شەلوارانە هەندێک شوێنی جەستەی مرۆڤ بەدەردێخن لە کاتێکدا کە دەبێ داپۆشرێن، بەوهۆیەوە دەرپێی کورت، خوارووی کەمەرو سەرووی سمت لە کاتی داهاتنەوەدا دەردەکەون، ئەم دیاردەیەش لەنێو گەنجاندا برەوی پێدراوە، نیشانەی بێڕێزی کردنە بەمرۆڤ، مایەی گاڵتە و سووکایەتی پێکردنە، دەبێ رێگەی لێبگیرێ.

شارەوانیەکە داوای کردووە کە پێشنیار بڕیارەکە واژۆ بکرێ و کاری پێبکرێ، چونکە دەرخستن و رووتکردنەوەی هەندێ ئەندام و شوێنی جەستەی مرۆڤ لەنێو رای گشتیدا پەسند نیە، دەبێ ئەو شەلوارانە قەدەغە بکرێن.

**کارۆل بروسارد** سەرۆکی شارەوانی دەڵێ: ئەوەی بە ئەنقەست دەیەوێ هەندێ شوێنی جەستەی کە پێویست دەکات داپۆشراوبن، دەربخات و پێشانی دیتران بدات، دەبێ سزا بدرێ و پێنج سەد دۆلاری لێ بسەندرێ. ئەگەر دووبارەش کرایەوە دەبی ٦ مانگ زیندانی بکرێ.

**تێد ئایڤ** دادوەری شاری دلکامبەر دەڵێ: ئەم پێشنیار بڕیارە نوێیە تەنیا ئەو شەلوارانە دەگرێتەوە کە شل و نازکن، شوێنە شاراوەکانی جەستە پێشان دەدەن، بۆ نموونە نابێ جلی ژێرەوە پێشانی خەڵک بدرێ.

لەپێوەند بەو بڕیارەدا دانیشتووانی شارەکە پێیانوایە کە ئەمە رەگێکی رەگەزپەرستی تێدایە، چونکە گەنجانی رەشپێست حەز بە پۆشینی ئەم شەلوارانە دەکەن، لەنێو لایەنگرانی مۆزیکی هیپ هاپ دا ئەم شەلوارانە رەواجیان هەیە، بەڵام کارۆل بروسارد ئەو تۆمەتە رەت دەکاتەوەو بە ئاسۆشیتدپرێسی گوتووە کە سپی پێستەکانیش ئەو شەلوارانە لەبەردەکەن، بڕیارەکە هەمووان دەگرێتەوە.




## دوای لێبووردنی گشتی پرسی بزرکراوەکان زیندوو دەبێتەوە

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی بزرکراوەکانی شەڕی نێوخۆ بە رۆژی گەل ی راگەیاند کە ئەوان سەریان لە لێبووردنی گشتی دەرناچێ کە سەرۆک بارزانی دەریکردووەو ژمارەیەک کەسی گرتۆتەوە کە لەسەر کوشتن و دزیکردن زیندانی کرابوون، بەڵام گیراوە سیاسیەکانی نەگرتۆتەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی لە شەڕی نێوەخۆدا بێسەروشوێن کراون شەڕی نێوەخۆ. دووپاتی. سەرچاوەکە گوتی: دوامان ئەوەیە چارەنووسیان ئاشکرا بکرێ، دەنا گوشاری دیکە دەکار دەکەین.